گەڕانەوەی بەعسیەکان مەترسی بۆ پرۆسەی سیاسی ئێراق هەیە

پەرلەمانتارانی کوردستان نیگەرانن بەرامبەر بڕیاری گەڕانەوەی دوورخراوە بەعسیەکان

پرسی گەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ نێو پرۆسەی هەڵبژاردن و بەشداریکردنیان لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراق دوای ڕەتکردنەوەی بڕیاری دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری و دادگای فیدراڵی ڕێگەپێدانی راگەیاند، بووەتە بابەتێکی گرنگی سیاسی و پێدەچێت بەشداریکردن و بەشدارینەکردنی بەعسیەکان بێتە کێشەیەکی گەورە لەبەردەم هەڵبژاردنە چاوەڕوان کراوەکەی 3/7 ی ئەمساڵ، پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان وێڕای نیگەرانیان لەمەڕ بڕیارەکە قسەی خۆیان هەیە.

ئا: ئاسۆ عەلی فەرەج

سۆزان خاڵە شەهاب: بەلامانەوە سەیرە دادگای تەممیز بڕیارێکی سەرپێیانە دەدات و بەشداری نەکردنی دوورخراوەکان ڕەتدەکاتەوە.

کۆیستان محەمەد: ئەوەی ڕۆژگارێک لەگەڵ بەعسدا ژیا بێت و بەهۆی بەعسەوە زیانمەند بێت و تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و ماڵوێران بووبێت حەتمەن ترسی هەیە لەگەڕانەوەی بەعسیەکان.

هاژە سلێمان: ئەگەر بەعسییەکان بەشداری بکەن ڕێگر دەبن لە پرۆسەی سیاسی ئێراق و دەبنە کۆسپ لەبەردەم ئایندەی سیاسی ئێراق و بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە.

لیستی کوردستانی لە پەرلەمانی ئێراق هەمان هەڵوێست نیشاندەداتەوە، کە دەستووری ئێراقی پلانی بۆ دارشتووە، واتا ڕێگرتن لەبەعسیەکان بەیاسا و دەستوور بێت، سۆزان خاڵە شەهاب سەرۆکی لیستی کوردستانی تەئکید لەم لایەنە دەکاتەوە و لە لێدوانێکدا بۆ ئەم بەدواداچوونەی خەبات ڕایگەیاند، لە دەستووری ئێراقی فیدراڵدا و لە ماددەی حەوتەم بە ڕاشکاوانە و بەئاشکرا باسکراوە و ڕێگە نادات بەوانەی بەشداریان لە حزبی بەعسدا هەبووە لە پلە باڵاکاندا جارێکی دیکە بەشداری لە پرۆسەی نوێی سیاسی ئێراق بکەن، سەرۆکی لیستی کوردستانی نیگەرانی خۆی بۆ بەسیاسیکردنی پرسەکە نیشاندا و ئاماژەیدا، بەداخەوە ئێستا شتەکان ئاراستەیەکی سیاسی وەردەگرێ نەک ئاراستەیەکی دەستووری و قانوونی، کە دەبوایە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق و ئەو لایەنانە ڕێزیان لە دەستوور بگرایە، بەلامانەوە سەیرە دادگای تەمییز بڕیارێکی سەرپێیانە دەدات و بەشداریکردنی دووخراوەکان ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش کارێکی زۆر ناشارستانیانەیە و دەبوایە پێش هەڵبژاردنەکانی یەکلا بکرێتەوە، نەک بخرێتە دوای هەڵبژاردنەوە، چونکە دەبێتە شتێکی نایاساییە.

لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا سۆزانی خاڵە شەهاب ئاماژەی بە بەعسیەتی سەددامیدا، کە هەموو شت ڕەتدەکەنەوە و هەڵوێستی ڕێگەنەدانی کوردیشی بۆ ئەوە گەڕانەوە ئەم بەعسیانە مەترسیدارن و گوتی: ئێستا ئەو دووخراوانە بەعسیەتی سەددامین و هەموو شتێک ڕەتدەکەنەوە و کەسانێکن دەستیان هەبووە لە کوشتن و بڕین و بڕیاری سیاسیانەی دژی نەتەوە و گرووپەکانی بوونە، ئەوانە هاتنەوەیان بۆ گۆڕەپانی سیاسی ئێراق مەترسیدار و کێشەدارە. ئێمە ترسمان لەو بەعسیانە هەیە کەجارێکی دیکە دژی بەرژەوەندی و مافەکانی کورد بووەستنەوە و ئەوانە دژی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وامان لێدەکات گەڕانەوەی بەعسیەکان بە مەترسی بزانین و ترسمان لەوە هەیە جارێکی دیکە بێنەوە و زوڵم و نەهامەتی بەسەر کوردا بهێنن، ئەوان عەقڵیەتێکیان هەیە دیالۆگ قبوڵ ناکەن.

لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان هێشتا هەڵوێستی خۆیان ڕوون نەکردۆتەوە بەرامبەر بە بەشداریکردنی بەعس لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق و سەرۆکی لیستەکەش ئاماژە بەوە دەکات دەبێت دوای کۆبوونەوەی لیستەکەیان هەڵوێستەکەیان ڕوون بێتەوە، بەڵام بەرامبەر نیگەرانی خۆی وەک ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کۆیستان محەمەد سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ خەباتی ئاشکرا کرد، مەسەلەیەکە و هەمووانی نیگەران کردووە و پێویستە بڕیاری جەرئیانە بدرێت و ئێمەش بیروڕا بگۆڕینەوە و ئەو کات هەڵوێستی خۆمان نیشاندەدەین. کۆیستان محەمەد تەئکیدی لەوەشکردەوە، ئەوەی ڕۆژگارێک لەگەڵ بەعسدا ژیا بێت و بەهۆی بەعسەوە زیانمەند بێت و تووشی ڕاوەدوونان و گرتن و ماڵوێران بووبێت حەتمەن ترسی هەیە لەگەڕانەوەی بەعسیەکان. سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی گۆڕان نیگەرانی گەڕانەوەی بەعسیەکانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە بەعس بەهەر ناوێک بێت هەر بەعسە و گوتی: پێموایە بەعس هەر بەعسە لەژێر هەرناوێک بێت و ئەوەش ترسێکی گەورەیە و هەموومانی نیگەران کردووە.

لەگەڵ ئاشکراکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی بەگەڕانەوەی دووخراوە بەعسیەکان بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن، هەموو ئەوانەی دژی بڕیارەکە بوون بە ناشایستەیان زانی، لە هەمان بۆچوونداە لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارەکە بە ناشایستە دەزانێت و پێیانوایە نابێت بەعسیەکان بەشداری لە پرۆسەکە بکەن، هاژە سلێمان سەرۆکی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی سەرەتا ئاماژەی بە بڕیاری گەڕانەوەکە کرد و گوتی: بڕیارەکە بەڕاستی شایستە نییە بۆ گەڕانەوەی پاڵێوراوەکان، چونکە ئەو کەسانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەعسی بوونە و دەستیان سوورە بە خوێنی خەڵک و گەلانی ئێراق شایستەی ئەوە نیین بێن بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق، گەڕانەوەشیان بە بڕیارێکی زۆر ناشایستە و نایاسایی دەزانم و نارێکە و لەگەڵ ئەوەدام ڕێگە نەدرێت ئەوان بگەڕێنەوە.

لەبارەی هەڵوێستی لیستەکەیانەوە سەرۆکی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەڵوێستی خۆیان بە هەڵوێستی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا بەستەوە و گوتی: هەڵوێستمان لەگەڵ ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانە لەگەڵ بەغدا، لەمەڕ ترسی گەڕانەوەی بەعسیەکانیش هاژە سلێمانی سەرۆکی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەدا، دەستەکە بڕیاری دووڕخستنەوەیانیدا بۆ ئەو پاڵێوراوانەی لە دۆسیەکەدا ناویان هاتبوو و بەعسین و دەستیان لە تاوانەکانی بەعسی هەیە، بەڵێ ئەمەش مەترسیدارە، چونکە ئەوانە ئەگەر بەشداری بکەن ڕێگر دەبن لە پرۆسەی سیاسی ئێراق و دەبنە کۆسپ لەبەردەم ئایندەی سیاسی ئێراق و بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە.

شرۆڤەکردنی بارودۆخی مەترسیداری دوای پاشەکشەی ئەمەریکا

پوختەی لێکۆڵینەوەو شرۆڤەی پاشەکشەی ئەمەریکا لەلایەن، دەیڤد سی گەمپێرت، تیرینس کەی کیلی، جێسیکە وەتکینگ

بەشی دووەم و کۆتایی

پرسیارێکی ڕەخنەیی دەوری پاشەکشەی سوپای ئەمەریکای لە ئێراق داوە دەربارەی ئاسایشی ناوخۆیی و سەقامگیری. ئاخۆ دیزاینی پلانی پاشەکشێ بەو هۆشیاریە دارێژراوە کە ئاسایشی ئێراق لاواز نەکات، کۆتایی بڕۆسەی داگیرکاری ڕەنگە گۆڕان لە ستراتیژی کارەکتەری پارتەسیاسیە سەرەکیەکان بخولقێنێ، کە هەریەکەیان ئەوەندە هێزە چەکداریەیان هەیە ئاشتی ناوخۆی هەپڕون بە هەپڕون بکەن، لە ڕوانگەی ئەگەری سەرهەڵدانی ناسەقامگیری لە ئێراق ئەمەریکا ناتوانێ کاریگەری وون یاخود کاردانەوەی هەبێت. بۆ هەرپێشبینیەکی مەترسیدار و مەبەست ئامێز یاسادانەرانی ئەمەریکی پێویستە بە هۆی چوارچێوەیکی شیکاری کاریگەر توانای بزاوتووی ئەو ئەکتەرانە هەڵبسەنگێنێت کە کاریگەری دەنوێنن لەسەر ئاسایشی ئێراق.ئەمەی خوارەوە مۆنۆگرافی چوارچێوەیەکی شیکاری هاوکێشەکەیە.

ناشارەزایی و کەم توانایی هێزە ئەمنیە ناوخۆییەکانی ئێراق دەشێت دەرفەتی ئەوە بدەن پێکدادان لە نێوان هێزی گرووپەکان هێزی ئاسایشی حکومەت بەرپا ببێت، بەگشتی مەترسی سەرهەڵدانی جەنگ لە نێوان گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان و حکومەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمەریکا هێزێکی کەم تواناو کەم پشت پێبەستراوی بنیات ناوە، هەرچەندە لەوەناچێ ئەو مەترسییە لێکدراوی ئەو دایناەمیکە بێت کە چۆن لایەنێک پەیوەندی توانایی، بیروڕایی، ڕابەرایەتی بەلایەنەکەی دیکەوە هەبێت ئەگەرچی لە هەندێ بڕیاری سیاسی هاوبەشن ،بێتمانەیی لە نێوان کورد، سوننە، شیعە بەردەوامی هەیە ئەو هەڵە لەیەکتر گەیشتنە دەبێتە مایەی دەرکەوتنی جەولەیەکی تازەی توندوتیژی.

نیشانەکان ئاماژە دەکەن کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق هەنگاو دەنێت بۆ جێکردنەوەی سەدریەکان لە پرۆسەی سیاسی لە لایەک بە ئامانجی ڕیگاگرتن لەبەردەم جەنگی تایفی لەلایەکی دیکە کەمکردنەوەی مەترسی میلیشیای شیعەکان لە سەر کەسایەتی ئەمەریکا و کەمکردنەوەی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان گرووپە شیعەکان و کەمکردنەوەی دەرفەتی تەڵەکەبازی بەردەم ئێرانیەکان، سوننەکان لەلایەن خۆیانەوە مەودای بەشداری کردنیان لە بڕیاری سیاسی فراوانتر کرد هەر لە بەڕێوەبردنی پارێزگا و بەشداری پەرلەمان، هێزی ئاسایشی ئێراقی، بوونی ئارەزووی سیاسی و هەڵگرتنی لەمپەڕ لە بەردەمی بەشداری سیاسی ئەگەری یاخیبوونی لەبەردەم زۆرێک پێکهاتەی ئێراق کەمکردەوە بەتایبەتی سوننەکان، بزووتنەوەی قاعیدە وادەردەکەوێت کە نەتوانێ سوننەکان بەردو توندوتیژی بباتەوە، ئەگەر قاعیدە لە پێناو بەدەست هێنانەوەی سەرنجی سوننەکان کەوتە پەلاماری میانڕەوانی سوننە ئەوا بێگومان لەجیاتی بە دەستهێنانی پشتێوانی پەستی و توڕەیی سوننە بەدەست دێنن، ئەگەر هاتوو سوننەکان بەردەوام بوون لەڕازی بوون بە بڕیاری سیاسی تازەی ئێراق ئەوا هێزێکی سیاسی زیاتر بەدەستدێنن ئەوکاتە دەتوانن هاوپەیمانی بە هێز لەگەڵ شیعە پێک بهێنێت، لەیەکتر نزیکبوونەوەی هەردوو مەزهەبەکە کورد نیگەران دەکات بە دووبارە دەستگرتنەوەی عەرەب بەسەر بڕیاری سیاسی و هێزی ئەمنی ئەوکاتە ئەگەری پێکدادانی کورد و عەرەب نزیک دەبێتەوە ئاڵۆزیەکان ئێراق بەرەو جەنگی نەژادی دەبەن لە جیاتی جەنگی تایفی، لەگەڵ بوونی ئارەزووی حکوم گرتنەدەستنی سەرتاپایی عەرەبی، کورد سوور دەبێ لە بەرەنگاربوونەوەی، لە بارودۆخێکی ئەوها گەرگرتوودا بلێسەی گڕ لە لێواری مەشخەلێکی دوژمنداریە، بەتایبەتی گرەوی سامانی نەوت، لەکاتێکدا نەکورد نە عەرەب حەز بە جەنگ ناکەن، دەشێ هەردوو لایان ڕاپێچی جەنگ بکرێن بەهۆی ڕووداوەکان و لاساریەکانیان، جەنگی نێوان کورد و عەرەب یەکێکە لە ترسناکترین کارەسات ئێراق بەرەو شەق بوون دەبات. لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی کورد لەگەڵ سوننەکان حکومەتی مالیکی دەتوانێ دەسەلاتی فراوان بکات بەهێزەوە بێتە پێش و سنوری دەستوری وڵات ببەزێنێ بۆ ناوبژیوانیەتی کردن تەنانەت دەتوانێ کەلوپەلی سەربازی بەکاربهێنێ بۆ تێکشکاندنی لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە پێناو زاڵبوون بەسەر سیستەمی سیاسی، ڕەنگە حکومەت وەک سیناریۆیەکی سەرەتایی بەهانە بە لادراوان و میلیشیاکان بێنێتەوە و بیکاتە ململانێیەکی سیاسی، مالیکی دەستی کردووە بە فراوان کردنی دەسەلاتی لە ڕێگای هاوپەیمانە متمانە پێکراوەکانی لە هێزە ئەمنیەکان ،دروستکردنی ئۆرگانی ئەمنی هاوتەریب و ڕاستەو خۆ سەربە دەسەلات تەنها بەفەرمانی جێبەجێکاری نەک یاسایی، پێکهێنانی ئەنجومەنی پشتێوانی عەشایەری لە سەرتاپای وڵات.

ئەو هێڵەی بەکارهێنانی دەسەلاتی یاسایی یان نایاسایی دەوڵەت لەیەکتر جیادەکاتەوە لێل و نادیارە، بێگومان پێوەری پیشاندەر هەن ئەم سنور بەزاندنە پیشاندەدەن، ئاشکرایە حکومەتی ئێراق هێزی ئەمنی بەکاردەهێنی دژی ئەو پارتانەی کە نەیاری حکومەتن، بەڵام کاری توندوتیژی ئەنجام نادەن. حکومەت بەرنامەی کاری جیاوازو کەناڵی وەزاری لاڕێی گرتۆتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردن و باڵانس کردنی ئۆپەراسیۆنە ئەمنیەکان، لە کاتێکدا نیشانەی یەکەمی خراپ بەکارهێنانی دەسەلات هێشتا بەڕوونی دەرنەکەوتووە، نیشانەی دووەم کە دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی مالیکیە لە کاروباری ئەمنی و سوپا نیگەرانی زۆری دروست کردیە لەلایەن ئێراقیەکان، لەلایەکی دیکە دەزگای هەواڵگری دروستکردووە لەدەرەوەی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت دەگەیەننە سەرۆک وەزیران، خراپ بەکارهێنانی دەسەلات لەلایەن مالیکیەوە دەشێت ئەوپەڕی تەنگژە دروست بکات لە نێوان دەسەلات لایەنە بەرهەڵستکارەکان. بەهێزتر بوونی هێزی ئەمنی ئێراقی لە بەرژەوەندی زیاتری شیعەی دەسەلاتدارایە لەم پێشڕەویە ئەوان سوود دەبینن لە توانای کورد و سوننە لەلایەکی دیکە دەستگرتنی زیاتری داهاتەکانی وڵات لەلایەن ئەمانەوە ناکۆکی ڕاستەقینە بەرهەمدەهێنی لە نێوانی سەرکردەکانی هەرسێ پکهاتە سەرەکیەکە. پێویستە ئەمەریکا بە توندی دژی خواستی سەرکوتکەرانە مامەڵە بکات نەک تەنها لەبەر ئەو نرخەی داویەتی، بەڵکو لەبەر ئەو ئارەزووە ستراتیژیەی کە بە ئێراقەوە دەیبەستێتەوە لە پێناویدا قوربانی زۆردراوە، هێزی ئەمنی ئێراقی بە پشت بەستن بەتواناکانی لەسەروبەندی کاڵکردنەوەی پێگەی ئێکسترێمز و میلشیاکان کاردەکات بەتایبەتی جەیشی مهدی دوابەدوای تەواو بوونی ئەم ئەرکە هەنگاوی داهاتووی ئەمنی ئێراقی پێگە چوڵکردنی کوڕانی ئێراقی (ڕابوون) دەبێت، پاشان لە سیاسەتە چڕکراوەکەی سەقامگیری نیشتمانی نۆرەی ڕووبەڕووبونەوەی کورد دێت، واتە پێشمەرگە لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئێستا ئەرکی ئەو هێزانە ڕێگرتنە لەگێڕانەوەی ناوچە داپڕاوەکان بۆ سەرهەرێم.

شارەزایانی سیاسی پێشنیاریان کردووە کارەساتی ڕاستەقینە کاتێ بەرپا دەبێت کە سەرکردایەتی کورد گەیشتە قەناعەتێک کە دەبێت ناوچە داپڕاوەکان بە زەبری هێز بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێم ئەمان ئەو بڕیارە نادەن تاکو ئەوکاتەی تەواو دڵنیا نەبن پێشمەرگە کەوتۆتە ژێر ڕکێفی فێڵەکانی هێزە ئەمنیە ئێراقیەکان، یەکگرتنی سیاسیانەی نێوان سوونەو شیعە لە پێناو دەسەلاتیان بە پیادەکردنی سیاسەتی سەرکوتکەرانە کورد دەتۆرێنێ لە بەشداری سیاسی و پێکهێنانی ئێراقی یەکگرتوو، نیگەرانە لە پاراستنی گیانی سەربازانی و خەڵکانی مەدەنی ئێراقی. هەڕەشەی قاعیدە جێگای مەترسی و نیگەرانیەکی زۆرە بەتایبەتی لە ناوچەکانی بەغدا بەرەو باکوور ئەوان بەهۆی هەڵمەتە سەربازیە هاوبەشە یەک لەدوای یەکەکانی هیزەکانی سوپاس ئێراق و ئەمەریکا لە تەواوی ئێراق پەراوێزخران تەنها لە چەند ناوچەیەکی کونەمشک ئاسا خۆیان حەشار داوە هەرکاتێ مەترسی نەمانی هێزی هاوپەیمانان کۆتایی هات ئەوان دووبارە دێنەوە مەیدان بە کردەوە نەگریسەکانیان وەک کردەی خۆکوژی، بۆمبی سەرشەقام، ئۆتۆمۆبیل تەقاندنەوە، لەدووڕەوە ڕۆکێت دواتر کورد ناچار دەبێت فەرماندە و کادیرانی سەربازی لە ڕیزەکانی سوپا پاشە کشە پێبکات و بە دوای بەهێز بوونی خۆیەوە بێت تا بگاتە ئەو ئامانج و خەونە لەمێژینەیەی کە خەباتی بۆ کردووە، هەموو ئەو پێشبینی و مەترسیانە دەبێت لەسەر ئاستێکی هەڵسەنگێنراوی ئەمنی ناوخۆیی شیکار بکرێت، بەڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ستراتیژی، ئەمەریکا ئاراستەکردن. دێنەوە مەیدانی کێبڕکێکاریەکان، ئەگەر واقیعیانە سەیری بارودۆخی ئێستا بکەین هیچ هێزێکی یاخی بە قاعیدەشەوە ناتوانێ ئامانجی سەربازی بپێکی لەبەر بوونی هێزە هاوبەشە ئێراقی و ئەمەریکیەکان، هۆکارێکی دیکەی گەورەی سەرهەڵدانی مەترسی مەسەلەی کێشە دارایيە ئاڵۆزەکانن لە نێوان پێکهاتە جیاوەزەکان، کورد لە توانای بێشومارە دارایی حکومەتی ئێراق گومانی هەیە ئەوان دەترسن جارێکی دیکە ئەم سەروەتە گشتیە بەکاربهێنێتەوە بۆ کڕینی تۆپ و تەیارە بە هەمان شێوەی ڕژێمی بەعس دژیان بەکاربێتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێش ئەوەی ئێراق بەجێبهێڵی پێویستە سێ ئەرکی گرنگ لە ئەستۆ بگرێت:

1- بنیاتنانی توانایی هاوکاری ڕاهێنان و مەشقی سەربازی و دەستەبەرکردنی کەلوپەلی ئەمنی لە پێناو زاڵبوونی تەواوەتی بەسەر هەرکێشەیەکی ئەمنی.

2- بنیاتنانی کەسایەتی و بە هێزکردن و توانابەخشین بە هەموو لقێکی وەزارەتی بەڕێوەبردنی ئەرکە ئەمنیەکان.

3ـ بنیاتنانی متمانە و پشت بەخۆ بەستان (شەفافیەت، گفتوگۆی کراوە، لەگەڵ دەستەبەرکردنی پاڵپشتی دەستوری بۆ هێزی ئاسایش دابینکەر(ئەمنی ئێراقی و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان).

ئا: مسعود محمود

سەرچاوە: دەزگای ڕەند